## بەڕێز / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان– عێراق

### ب/ پڕۆژە یاسای ( ناوەندی پاراستنی دەسنوسەکانی کوردستان )

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەخوارەوە واژۆمان کردوە ، پێشنیار دەکەین که پڕۆژە یاسای ( ناوەندی پاراستنی دەسنوسەکانی کوردستان ) بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان .

لەگەڵ ڕێزماندا

ئەندامانی پەرلەمان :

١- أبو بكر عمر عبدالله
٢- سهراب ميكائيل ريكاني
٣- هالە كاروان (كنعان [illegible])
٤- سهام عمر قادر
٥- كەژاڵ هادي مفتي
٦- شێركو جودت مصطفى
٧- سيف اسماعيل حسين (مەروان گەڵاڵی)
٨- بەهار عبدالرحمن محمد
٩- عمر صالح كوچەر
١٠- مراد دەرويش
١١- غريب مصطفى حمه خان
١٢- شكرية اسماعيل مصطفى (شكرية [illegible])
١٣- بۆران عومەر
١٤- نجيبة لطيف (احمد)

# پرۆژە یاسای ناوەندی پاراستنی دەستنوسەکانی کوردستان

**مادەی یەکەم:** مەبەست لەزاراوەکان لەم یاسایە :

١- هەرێم : هەرێمی کوردستان - عیراق.

٢- ناوەند : ناوەندی پاراستنی دەستنوسەکان.

٣- ئە نجومەن : ئە نجومەنی بەڕێوەبردنی ناوەند .

**مادەی دووەم:** لەکوردستان ناوەندێکی پاراستنی دەستنوس دەکرێتەوە و، تەواوی دەسنوسەکانی تێدا دەپارێزرێ ، بەناوی ( ناوەندی پاراستنی دەسنوسەکان ).

**مادەی سێیەم:** ناوەند دەستەیەکی سەربەخۆو خاوەن کەسایەتی یەکی مەعنەوی یەو ، سەر بەسەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیرانی هەرێمە .

**مادەی چوارەم:** ئامانج لەکردنەوەی ئەم ناوەندە :

١- کۆکردنەوەو پاراستن و وەرگرتنەوەو ئەرشیفکردنی دەسنوسە پژاوەکان لەکتێبخانەو مەڵبەندە زانستی و مۆزەو شوێنە جیاجیاکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان چ نوسخەی ئەسڵی یان کۆپی یان .

٢- پاراستنی دەسنوسەکان و ئەرشیفکردنیان بەشێوەیەکی زانستی یانەی هاوچەرخ و بەسوود وەرگرتن لەتەکنەلۆجیای نوێ و تازەترین میتۆدو ئامێری بەکارهاتووی ئەوبوارە .

٣- بە دیکۆمێنتکردنی وێنەیەکی یەدەك لەتەواوی دەسنوسەکان بەئامێری هاوچەرخ و مایکرۆفیلم کردنیان بۆپاراستنیان .

٤- گۆڕینەوەی ئەزمون و لێکۆڵینەوە لەبواری ئەرشیف و دەسنوس پاراستن و لەگەڵ ناوەندە هاوشێوەکان .

**مادەی پێنجەم:** ناوەندەکە ئە نجومەنێکی بەڕێوەبردنی بۆدادەنرێ ، کە پێك دێ لە :

١- بەڕێوەبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت و ، پسپۆڕو شارەزا بێت لە بواری بەڕێوە بردن و پاراستنی دەسنوسدا .

٢- بەرپرسی بەشی هونەری .

٣- بەرپرسی بەشی پەیوەندی یەکان.

٤- بەرپرسی بەشی باس و توێژینەوە .

٥- بەرپرسی بەشی دارایی و کارگێڕی .

**مادەی شەشەم :** ناوەند دەستەیەکی ڕاوێژکاری دەبێت کە پێك دێت لە :

١- نوێنەری وەزارەتی خوێندنی بالاّ .

٢- نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری .

٣- نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف .

٤- نوێنەری ئەکادیمیای کوردی .

٥- نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی ئاسەوارەکانی هەرێم .

**مادەی حەوتەم :** مەبەست لەدەستنوس لەم یاسایەدا ئەو بەرهەمە دەسنوسانەی کوردستانە کە بایەخی مێژویی و زانستی یان هەیەو ،لە پێش داهێنانی ئامێری چاپەوە نوسراونەتەوە ، یان بەرهەمێکی هونەری و دانسقەی کەم وێنەن و ، جێی پەسەندی ئەنجومەنن ، بەهەرزمانێك نوسرابنەوە .

**مادەی هەشتەم :** ئەرکەکانی ئەنجومەنی ناوەند :

١- دانانی سیاسەتێکی گشتی زانستی و هونەری بۆناوەندەکە .

٢- دانانی بونیادی کارگێری و دارایی و هونەری و ، دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ناوەندەکە .

٣- دیاریکردنی پرۆژەی بودجەی پێویستی سالأنەی ناوەندو گەیاندنی بە ئەنجومەنی وەزیران .

٤- پەسەندکردنی ڕاپۆرتی ژمێریاری سالأنەی ناوەند .

٥- ئەنجومەنی ناوەندی بۆی هەیە داوای دەسنوسەکان و بەرهەمە دانسقەکان بکا لە هەر دەزگاو دامەزراوەیەکی حکومی کەدەسنوسیان لە لایە ، بە مەبەستی کۆکردنەوەیان لە ناوەندەکە .

**مادەی نۆیەم :**

١- پێویستە بەڕێوەبەرایەتی و دەزگا ڕەسمی یەکان هاوکاری ناوەند بکەن بۆ کۆکردنەوەی نوسراوەکان و، یەکخستنەوەی شوێنی پاراستنیان .

٢- ناوەند لە باج و گومرگ دەبەخشرێ ، لەسەر ئەو ئامێرو کەرەستە زانستیانەی بۆ کاری ناوەند دەیانهێنێ .

**مادەی دەیەم :** سەرچاوەی دارایی ناوەند بریتی یە لە :

١- بودجەی تەرخانکراوی حکومەتی هەرێم .

٢- فرۆشی چاپەمەنی و بلأوکراوەکانی خۆی و کرێی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشیان دەکات بەلایەنە سودمەندەکان .

٣- ئەوبەخشش و پیتاکەی ناوەند وەریان دەگرێت .

مادەی یازدەهەم :

١- قوتابیانی خوێندنی باڵاو توێژەران و میدیاكاران و، دامەزراوە رەسمی یەكان بۆیان هەیە لەسنوری ناوەندەكەدا سوود لەدەسنوسەكان ببینن و كۆپیان لێ بگرن ، بە نوسراوی فەرمی وەزارەتی خوێندنی باڵا و، رەزامەندیی نوسراوی بەڕێوەبەری ناوەند و ، لەسەر خەرجی لایەنی داواكار .

٢- هیچ دەسنوسێكی ناوەند نابرێتە دەرەوەی ناوەندەكە .

مادەی دوازدەهەم : لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستانە كە هاوكاری ئەم ناوەندە بكات بۆدەسخستنەوەو كۆكردنەوەی بەرهەم و دەسنوسەكان لەوڵاتانی دەرەوە .

مادەی سێزدەهەم : دەسنوسە پارێزراوەكانی ئەوناوەندە موڵكی گشتین ، نافرۆشرێن و، بەتێپەڕینی كات نابنە موڵكی هیچ كەس و لایەنێك و دەستیان بەسەر دانا گیرێت .

مادەی چواردەهەم : هەركەسێك دەسنوسێكی ئەوناوەندە لەناوببات ، یا زیانی پێ بگەیەنێت ، یا دەستی تێ وەربدات و بیشێوێنێت ، بە گوێرەی حوكمەكانی یاسا پەیرەو كراوەكان سزا دەدرێت .

هۆكاری دەرچونی ئەم یاسایە :

لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی زۆری دەسنوس لە كوردستان و دەرەوەی كوردستان لە شارەكانی عیراق و دەرەوەی عیراقیش پرژو بڵاو بوون و ، بەمەبەستی كۆكردنەوە و پاراستنیان لە فەوتان و، بەمەبەستی پاراستنی كەلە پوری زانستی و ، ئاسانكاری پرۆسەی توێژینەوە لە سەریان بۆ توێژەران و زانستخوازان ...ئەم یاسایە دەركرا